# ئایا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دێتە پای دیالۆگ؟ ... حەمە سەعید کەریم

mo-ka-dekan@hotmail. de



سیفاتی کۆنەپەرەستانەی بورژوازیەت، بەکۆیلەکردنی سەرجەم ئینسانەکان، پاراستن و هێشتنەوەی تەوق وکۆتی کۆیلایەتی کار بۆ سەرمایە، ئەرکی سەرەکی وبێ پسانەوەی نوێنەرانی سەرمایەیە بە هەموو ڕەنگ وشێوەیەکەوە هەروەک چۆن کرێکارانی هوشیار بۆ بە ئامانج گەیشتنی چینەکەیان بە سۆسیالیزم لەخەباتی بێ وچان دان تا ئاخرین نەفەس، بەم شێوەیەش نوێنەرانی نەزمی چەوساندنەوە لە ئاخرین خەباتیاندان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، بەتایبەتی لە وڵاتیکدا کە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە دواکەوتوترین ئاستی دایە، و کەم ترین هەق دەست دەدرێتە کرێکاران، ئاستی ژیانی کرێکاران لە نزم ترین پلەیدایە، کرێکاران لە سەرەتاییترین مافەکان بێ بەشن، کرێکاران تەنانەت لەدروست کردنی سەندیکای دڵ خوازانەی خۆشیان ئازادنین، بازنەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و دابەش بوونی جیهان بەوەی کە کرێکارانی وڵاتانی ژێر دەستەی سەرمایەی ئیمپریالیستی لە قورس ترین وگران ترین ئەرک دان بەرامبەر نزمترین ئاستی بژێوی ژیان، وئەگەر سەرجەم کات وساتیان بۆ کار تەرخان بکەن هێشتا ناتوانن وەک ئینسان پێویستیەکانیان دابین بکەن. هەربۆیە کاری زۆرو هەقدەستی کەم وای کردووە کە ژمارەی زۆری نەخوەندەواری و هەست نەکردن بە بوونی خۆیان وەکو چینێکی بەرهەم هێنەری کۆمەڵگا، کەنیسبەتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا و بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەمی دەستی ئەمانە.

سەرەڕای نەبونی سەرەتایی ترین مافی قسەکردن وناڕەزایەتی دەربرین، وهەر جۆرە ڕێکخرابونێک زیان لە بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران دەدات و دەبێتە ئەوەی زەنگی مەرگی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان بخاتە ژێر مەترسیەوە، جا لەبەر ئەوە نوێنەرانی سەرمایە هەرچی زووترە بەر بەڕێکخراوی چینی کرێکار بگرن.

بەم جۆرە پارێزەرانی ئەم سیستەمە هەموو بوارەکانی ژیانیان کۆنترۆڵ کردوە، بەوەی نەکا ڕۆژێک لە ڕۆژان کرێکاران لەم جۆرە ژیانە دەنگ بڵند بکەن وداروپەردوی ئەم ڕژێمە هەڵگێڕنەوە. ئەوەی تایبەت بێت بەم باسە ئەوەیە کە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە داوا لە یەکێتی نیشتمانی کراوە کە کۆتایی بێنێت بەو تەنگەژییەو بەر بەکۆمەڵانی خەڵک نەگیرێت لە داواکردنی داواکاریەکانیان و تاوانبارنەکردنیان بەوەی دەنگی ناڕەزایەتی لەهەر جێگایەگ بێت وا بزانرێت ئەوە دەستکردی کۆمۆنیستەکانە، نەخێر سەرجەم خەڵکی کوردستان لە کاروکردەوەی 15 ساڵەیان وەدەنگ هاتوون، خەڵک داواکاری ئاوو کارەبا و نەهێشتنی دزی وڕاووڕوتی لێپرسراوانن ئەگەر دەنگی ناڕەزایەتی تایبەت بوایە بە جێگایەکەوە بەهەرحاڵ بەڵام نەخێر هەموو کوردستان بەنیازی ڕژانە سەرشەقامەکانن بەوەی کەبەر بە هەست بە لێ نەپرسراوەیەتی بگیرێت لەبەرامبەر ئاوڕدانەوەی حکومەت لە خەڵک، لەم ڕژانە سەرشەقامانەدا هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوە هەر لە قوتابیان، مامۆستایان، کرێکاران، شۆفێران، هتد. ڕژانە سەرشەقەکان کە

ڕۆژانە لەسەرجەم شوینەجیاجیاکاندا دوبارەو سێبارە دەبێتەوە، هەمیشە لێرەو لەوێ گوێ بیستی هەواڵی نوێین لەسەر ڕژانە سەرشەقامەکان لە داواکردنی داخوازی جۆراوجۆر لەحکومەتی هەرێم، بیستنی خەبەری ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ لەسەر خۆ ئامادە کردنی خەڵک بۆ خۆپیشاندان لەسەر پێشکەش کردنی داواکاریەکانیان لەبەرامبەر دەستگاکاندا و، ترسی خەڵک لەوەی ئەوە ی کە لەکەلار ڕویدا جارێکی تر ڕونەداتەوە، بەڵام یەکێتی داوای لێ بوردنی لەو خەڵکەش نەکرد و بەسنگی بەرزەوە ئەو خەڵکەشیان بە گێرەشێوێن ناونوس کرد، گەلەکۆمەی خێڵی حیزبەکان لەبەرامبەر ڕیزی خۆپیشاندەران بەوەی بەیانێکیان دارشت لەسەر کەلار، بەمەبەستی پاساودانەوەی تەقەکردن، بۆ هاتنە دەرەوەیان لەو تاوانەی کردیان، خەڵکی خۆ دەپارێزن لەوەی نەبنە قوربانی گوللەی هەڵۆ گیان لەسەر دەستەکانی یەکێتی نیشتمانی، و تاوانبار کردنی کۆمۆنیستەکان بەوەی کەئەمە دەستکردی ئەوانە. بۆیە سیفاتی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و سەرخانی سیاسی ئەم وڵاتانە ئەوە دەخوازێت کە ڕێگە بە هیچ ڕێکخراوەیەکی کرێکاری و جەماوەری نەدرێت، مەگەر بە پرسی حکومەت، لای ئەمان ئەگەر خەڵک ویستیان داواکاریەکانیان بە دەوڵەت ڕابگەیەنن دەبێت ئیجازە لە دەوڵەت وەربگرن ئەمە شتێکی مناڵانەیە پرس بە حکومەتێکی نادیموکراتی بکرێت بەوەی داخوازییە دیموکراتیەکانیان لەسەر شەقامەکان بخەنە بەردەم لێ پرسراوان، ئەمان لە دەستورەکەیاندا ئازادی دەدەنە ڕێکخراوەکان بەڵام بە پرس و ڕای دەوڵەت، هەرکەس ئازادە چی دەڵێت بەڵام بە پرسی دەوڵەت، هەر شتێک بخوازرێت بگوترێت بەڵام لە چوارچێوەی یاسادا، لەبەرئەوە ئێستا ئەگەر بڕیارە کرێکاران وخەڵکی وە دەنگ هاتووی کوردستان بیان هەوێت شتێک لە دەوڵەت داوا بکەن دەبێت پێش هەر شت پرس بکرێت، واتە بە دام و دەستگاکانی پۆلیس و ئاسایش ڕابگەیەنرێت، دوایی دەتوانن بێنە سەر شەقامەکان و داواکاریەکانی خۆیان بڵێن، گریمان ئەگەر کارێک کراو دەوڵەت پێش وەخت ئاگادار نەکرایەوە ئەوا ئۆباڵی خەڵک بە ئەستۆی خۆی کە تەقەیان لێکرا، خاڵخاڵیش کاتێک بیویستایە شۆڕشگێڕێک ئیعدام بکات دەیگووت ئەگەر ئەمە تاوان بار بێت ئەوا سزای خۆی وەرگرت ئەگەر بێ تاوانیش بوو ئەوا جێگای بەهەشتە چونکە بێ تاوانە، و ئێمە ش هیچمان نەکردووە، جا هاتنە پێشەوەی یەکێتی نیشتمانی بۆ ناو دیالۆگ ئەوا دەبێت لەژێر فشارو هاتنە پێشەوەی زیاتری خەڵک دا بێت، چونکە مێژوو و ماهیەتی کۆنەپەرەستانەی بەرگری کەرانی سەرمایە پێ یان قبوڵ ناکرێت، بەڵام تا خەڵک زیاتر ڕێکخراوتر بن ئەوا ئەمان زیاتر دەکەونە پاشەکشە لە هێرشیاندا بۆ سەر خەڵک، ئێستا ڕیزی خەڵکی ناڕازی بە دەستورو نوێنەرانی دەوڵەت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ فراوان تر دەبێت و زیاتر ڕێکخراوتر دەبێت، لەبەرئەوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە لە هاتنە پێشەوەی بۆ ڕێز گرتن لە بیروباوەڕی خەڵکانی ترو حیساب کردن بۆ دەنگی خەڵک، چونکە مێژوو نیشانی داوە تەمەنی چەوسانەوە زۆر درێژ نیەو نابێت، بەڵام خەڵکی کوردستان ئەگەر زیاتر بێنە مەیدان و زیاتر فشار بخەنە سەر سەرانی ناسیۆنالیزم و نوێنەرانیان ئەوا بەمانای زیاتر دەتوانن بەهرەمەند بن لە کەش وهەوای ئازادی و زیاتر دەتوانن ئەوەی کە دەیانەوێت بەدەستی بێنن. چونکە خەڵکی کوردستان خاوەنی مێژویەکی پڕ قوربانیەو شایستەی ئەوە نیە کە وەڵام بە داخوازیەکانیان تەقەکردن بێت، بەڵام دوبارەبونەوەی تەوقی کۆیلەیەتی و چەوسانەوە لەلایەن سەرانی کوردەوە خەڵکی خستۆتە سەر ڕێیانێک کە ئەمانە ناتوانن وەڵام بە داخوازیەکانیان بدەنەوە، خەڵکی کوردستان زۆر لە مێژە داوای دروست کردنی دەوڵەتێک لە کوردستانە، نەک لکانەوەی بەزۆر بە عێراقەوە، و دوبارە بونەوەی ئینسانی

پلە دو. یەکێتی نیشتمانی وەکو ئەو مێژوویەی بۆ خۆی دروستی کردووە پڕە لە کوشت و کوشتاری خەڵکی نارازی لە خۆی، ومێژووی دروست بونی مێژویەکی خوێناویە، و دەستیان بە خوێنی دەیان و سەدان خەڵکی شۆڕشگێر سورە، یەکێتی خاوەنی چەندین داستانی خوێناویە دژ بە نەیارانی خۆی، تا کاتێک لە چیا بو هوشیاری دەدایە هێزە سیاسیەکانی تر، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئەو هوشیارییەی دایە خەڵکی کوردستان، بە کردەوە سەلماندی، ئەوەی لە ژێر فەرمانی ئەو دەرچێت چارەنوسی دۆزەخە، بۆیە یەگەر یەکێتی بێتە ناو دیالۆگ ئەوا دەبێت دەست لە کۆمەڵیک لەو زەخت و زۆرەی کە بەسەر شانی خەڵکەوەیە بکێشێتەوە، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ ئەم وڵاتانە و قبوڵ کردنی ڕای نەیاران دەبێت بەخەباتی جەماوەری بکرێت و خەڵک بەرەو ئەو ئاقارە ببەن کە گوێ لە دەنگیان بگیرێت، واتە بە دیموکراسی کردنی کوردستان تەنها بەهاتنە پێشەوەی خەڵکی کوردستان و بەپیرۆز ڕاگرتنی داواکاریەکانیانە، شەرت و بەرپابوونی کەشی دیموکراسی تەنها لە گرەوی هاتنە پێشەوەی جەماوەرو بە ڕەسمی ناسینی ڕێکخراوو بە پیرۆز ڕاگرتنی ئازادییە سیاسییەکانە، و خەڵک ئازاد بێت لە هەر ڕێکخراوێک دا بێت، وە بەپیرۆز ڕانەگرتنی دین لەناو دەوڵەت داو جیاکردنەوەی حکومەت لە شەریعەتی مەزهەبی، و ئازادی ژنان و بەڕسمی ناسینی ڕێکخراوەی ژنان، ئەگەر بمانەوێت ئەمانە بە پیرۆز ڕابگیرێت دەبێت خەباتی جەماوەری بەرەو سەرەوەو هەڵکشاوەتر بڕوات، چونکە مەرجی بەدەست هاتنی ئەمانە لە گرەوی بەرەو پێش چوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکدایە